زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین ژمارە ٨٠ ژمارەی مۆڵەت ١

ئافات و تاوانەکانی زمان

جنێودان

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت:

﴿ لَا يَسْتَقِيمُ إِيمَانُ عَبْدٍ حَتَّى يَسْتَقِيمَ قَلْبُهُ وَلَا يَسْتَقِيمُ قَلْبُهُ حَتَّى يَسْتَقِيمَ لِسَانُهُ﴾. رواه أحمد وصححه الألباني سلسلة صحيحة ٢٨٤١.

واتە: ﴿ ئیمانی مرۆڤ دانامەزرێت تاوەکو لە دڵی دانەمەزرێت، وە دڵیشی دانامەزرێت تاوەکو زمانی پارێزراو نەبێت﴾.



ئامادەکردنی
جمیل محمد

پێداچونەوەی
م.هەڵگورد مصطفی گەلاڵەیی

دێرین
٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد ﷺ وآله وصحبه أجمعين.

موسڵمانی خۆشەویست یەکێکی تر لە ئافاتەکانی زمان بریتیە لە جنێودان، کە تاوانێکە زۆرینەی موسڵمانان تێی کەوتوون و هەستیش بەخۆیان ناکەن، لەگەڵ ئەوەش چەندان زیان و زەرەری لێ دەکەوێتەوەو دەبێتە مایەی ئازاردانی موسڵمانان.

جنێودان بریتیە لە: الشتم والتكلم في عرض الانسان بما يعيبه. شرح مسلم للنووي ٦٦/١١. واتە: جنێودان و قسە کردن بە ناموسی خەڵك کە پێی عەییدار دەبێت.

بەڵگە لەسەر حەرامیەتی جنێودان

١- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَـٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٨﴾ ﴾ الأحزاب: ٥٨.

واتە: (ئەوانەی ئەزیەتی پیاوانی ئیماندار و ئافرەتانی ئیماندار ئەدەن بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێت، ئەوا ئەم جۆرە کەسانە بوهتان و تاوانێکی ڕوون و ئاشکرایان ئەنجام داوە.

٢- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (سِبَابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ وَقِتَالُهُ كُفْرٌ) .صحيح البخاري ٧٠٧٦ وصحيح مسلم ٣٠. واتە: (جنێودان بە موسڵمان تاوانەو کوشتنیشی کوفرە) . زانایان ڕەحمەتی خوایان لێبێت دەفەرموون لەبەر ئەوەی جنێودانی موسڵمان و کوشتنی کارێکی زۆر گەورە بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بە فسق و کوفر ناوی هێنا ئەگەر نا مانای ئەوەنیە کە پێی کافر بێت بەڵام ئەگەر خوێنی موسڵمانی بەحەڵاڵ دانا ئەوکات کافر دەبێت. بڕوانە: شرح مسلم للنووي ٦٦/١١.

٣- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لَيْسَ الْمُؤْمِنُ بالطَّعَّانِ وَلا اللَّعّان وَلا الفاحِشِ وَلا البَذيء) . رواه البخاري في أدب المفرد وصححه الألباني في سلسلة الصحيحة" ١ / ٥٧١.

واتە: (ئیماندار کەسێکی تانەدەر و نەفرەت کارو دەم شوڕو خەرا پەکار نیە لە وتەو کردوەکانیدا).

٤- لە عبداللە ی کوڕی عمرو کوڕی عاصەوە هاتوە فەرموویەتی: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: باشترین موسڵمان کێیە؟ ئەویش فەرمووی: (مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ) . صحيح البخاري ١٠ ، صحيح مسلم ١٧٠.

واتە: (باشترین موسڵمان ئەوەیە کە موسڵمانان لە زمان و دەستی سەلامەت و پارێزراو بن) .

٥- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (الْمُسْتَبَّانِ مَا قَالاَ فَعَلَى الْبَادِئِ مَا لَمْ يَعْتَدِ الْمَظْلُومُ). صحيح مسلم ٦٧٥٦.

واتە: (ئەو دوو کەسەی جنێو بەیەکتری ئەدەن تاوان لەسەر ئەو کەسەیە کە سەرەتا دەستی بەجنێو کردوە، تەنها ئەگەر ئەو کەسەی جنێوی پێدراوە زێدەڕەوی بکات و جنێوی زیاتری پێ بداتەوە ئەگەرنا تاوان لەسەر کەسی یەکەمە) .

٦- لە أبو هریرەوە هاتوە فەرمووی: پیاوێکیان هێنایە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ئارەقی خواردبوّوە، فەرمووی لێی بدەن، وتی ئێمەش تێماندا هەبوو بەدەست لێی ئەدا وە هەبوو بە نەعلەکانی لێی ئەدا وە هەبوو بە پۆشاکەکەی لێی ئەدا، کاتێك ڕۆیشت هەندێك لە خەڵکی بەم کەسەیان ووت: (أَخْزَاكَ اللَّهُ قَالَ لَا تَقُولُوا هَكَذَا لَا تُعِينُوا عَلَيْهِ الشَّيْطَانَ) . صحيح البخاري ٦٧٧٧.

واتە: (خوای گەورە ڕیسوات بکات، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: وای پێ مەڵێن و مەبن بە یارمەتی دەری شەیتان لەسەری).

٧- لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هاتوە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ کەسێکی جنێو دەر نەبوە وە کەسێکی قسە خراپ و فاحش نەبوە وەکەسێکی لە عنەت کار نەبوە. صحيح البخاري ٦٠٣١.

زیانەکانی جنێودان

موسڵمانی خۆشەویست بێگومان جنێودان لە ئەخلاقی پێغەمبەران و صەحابە بەڕێزەکان و سەلەفی صالح نەبوە، بەڵکو جنێو دان لە ئەخلاقی کەسی موسڵمان و ئیمانداریش نیە، چونکە ئەخلاقێکی زۆر قێزەون و ناشیرنە کە دەبێتە هۆی ناشیرین کردنی خاوەنەکەی پێش هەموو شتێك وە لەگەڵ ئەوەش لە ئەخلاقی کەسی موسڵمان نیە بەڵکو بە گوێرەی ئەم ئایەت و فەرموودانەی باسمان کرد چەندان زیانیشی هەیە.

١- ئەو کەسەی جنێو بە موسڵمانان ئەدات ئەوا ئازاری موسڵمانانی داوەو تاوان و بوهتانێکی ئاشکرای کردوە .

٢- جنێو دانی موسڵمانان فسق و تاوانەوە خاوەنەکەی پێی فاسق دەبێت .

٣- جنێودان لە ئەخلاقی کەسی موسڵمان نیە هەروەك لە فەرموودەی سێیەم باسمان کرد.

٤- باشترین موسڵمان ئەو کەسەیە کە موسڵمانان لە دەست و زمانی پارێزراو بن، کەواتە ئەو کەسەی موسڵمانان لە دەست و زمانی پارێزراو نین خەراپ ترین کەسە.

٥- ئەو کەسەی سەرەتا جنێو ئەدات و دەست ئەکات بە جنێو دان ئەگەر کەسی بەرامبەر هەمان جنێوی پێداوە ئەوا تاوان لەسەر کەسی یەکەمەو کەسی بەرامبەر هیچی لەسەر نیە ئەگەر زیادەڕوی نەکات .

٦- پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری کرد لەوەی جنێو بە کەسێکی ئارەق خۆر بدرێت، ئەی چ جا بە موسڵمان و کەسانی تر.

٧- جنێودان لە ئەخلاقی پێغەمبەری خوا ﷺ نەبوە .

٨- جنێودان دەبێتە مایەیی ئاژاوەو دووبەرەکی و شەڕو ئاژاوە بەڵکو جاری وا هەیە سەر دەکێشێت بۆ کوشتنیش، لەکۆتایی داواکارم لەخوای گەورە بمان پارێزێت آمین.

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم. ٢٩/ شوال ١٤٣٧ سۆران ٢٠١٦/٨/٣

لە بلاَوکراوە خێرییەکانی پەرتوکخانەی دێرین لە سۆران - ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠